بڕدابەشکردنی موچەی مانگی نیسانی موچەخۆرانی هەرێم دەستی پێ کرد



لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر لە تەمویلی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ئەمڕۆ 15 ئایار دەست بەدابەشکردنی موچەی مانگی نیسانی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کرا.

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، رۆژی سێشەممە 14ی ئایاری 2024، 168 ملیار دینار بە سێ گۆڕەوێک شایستەی موچەی مانگی نیسانی خانەنشینانی شارستانی و سەربازیی و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق.